


# لەبری زەنگ بە بۆنی خـــــــۆش هۆشیارت دەکاتەوە

لە پێشوودا کاتژمێری زەنگدار بۆ دانانی کاتێکی دیاریکراو داندەرا وەك هەستان لەخەوی بەیانیان یان بۆ ئەنجامدانی ئەرکی دیکە.. دوای ئەوەی مۆبایلەکان گشتگیر بوون ئیدی ئەو ئەرکە بە مۆبایل سپێردرا و کەسێك نیازی ئەنجامدانی ئەرکێکی هەبێت یان بیهەوێ لەکاتێکی دیاریکراودا لەخەو هەستێت ئەوە مۆبایلەکەی بۆ ئەو کاتە دادەنێتەوە.. هەرچەندە کاتژمێرە دیجیتالییە زەنگدارەکان رۆژبەرۆژ زیاتر بوونە، بەڵام گشتیان یەك ئەرك ئەنجامدەدەن ئەویش مۆسیقا یان زەنگێکی دیاریکراو لێدەدەن.. زۆر کەس حەز ناکات گوێی لەو زەنگە بێت یان بەو زەنگە هەڵناستێت، بۆیە کاتژمێرێکی زۆر تایبەت بە هەستان بەرهەم هاتووە ئەویش لەبری زەنگ بۆن بڵاودەکاتەوە، کاتژمێری بێدارکردنەوەی sensorwake کاتژمێرێکە بە یەکێك لەو بۆنانە لەخەوت هەڵدەستێنێ، بۆنی دارستانێکی سەوز، سەمونی گەرم، قاوەی تاڵ و...) ئەو کاتژمێرە لەکاتی دیاری کراو یەکێك لەو بۆنانە بڵاودەکاتەوە.




# لەبیرچوونەوە لەبیـــ



لەبیرم چوو دەرمانەکان بخۆم، بیرم نەبوو کە دەبێت سەردانی ئەو شوێنە بکەم... لەبیرم نەبوو تەلەفۆن بۆ ئەو شوێنە بکەم... بەگشتی لە ژیانی رۆژانەدا ئەگەر بەرنامەیەکی لەپێشدا داڕێژراوت نەبێت یان زەینت یارمەتیت نەدات زۆر شت لەبیر دەکەی.. بەڵام بەبوونی ئامێری moti هیچ شتێك لەبیر ناکەن... بەداگرتنی دوگمەیەك کە لەسەر شاشەی ئەو



# رۆبۆتێک بۆ منداڵ و بەساڵداچووان

دەڵێن ئەوەی پیربێت و بەساڵدا بچێت منداڵ دەبێتەوە، هەربۆیە رۆبۆتی جۆری Alpha ٢ تایبەت بە پیران و منداڵان دروستکراوە، رۆبۆتەکە بە دەنگ فەرمانەکانی پێدەدەی، ئەو کردارانەی دەتوانێت ئەنجامیان بدات ئەوانەن: وێنە و فیلم هەڵگرتنەوە، وانە وتنەوە، بیرهێنانەوە لەکاتی خۆیدا، (بۆ نموونە منداڵێك لەبیری دەچێت دەبێت وانەی زانستی ئەوکاتە بخوێنێ، یان پیرێك لەبیری دەچێت کە دەرمانەکانی بخوات)، کۆنترۆڵکردنی ئامێرە هۆشمەند و ئەلکترۆنییەکان وەك کوژاندنەوەی تەلەفزیۆن، کوژاندنەوە و هەڵکردنی گلۆپەکان، لە هەمووی گرنگتر سەماکردن و وەرزشی یۆگایە کە رۆبۆتەکە دەتوانێت ئەنجامی بدات. خودی رۆبۆتەکە بەهۆی مۆبایل و پرۆگرامێکی تایبەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێت وەك سووڕان، دانیشتن و دەست هەڵێنان...تاد. رۆبۆتەکە بچووکە کێشی تەنیا ٢,٢ کیلۆ گرامە و سیتسەمی ئەندرۆید دەخوێنێتەوە.

# ئامێرێک چاودێری تەندروستی وردی منداڵەکەت دەکات




تەکنەلۆژیای نوێ وردەکاری تەواوی کردووە بۆ هەموو شتێك بەتایبەتی بۆ تەندروستی ئەویش تەندروستی منداڵان.. وەك ئامێری چاودێری منداڵان، ئامێرێك تایبەت بە جوڵە و خەوی منداڵ، ئامێرێك بۆ ئەوەی منداڵەکەت بزر نەبێت.. ئامێری Owletیش کە لەشێوەی گۆرەویەکی منداڵان دایە ئاگاداری وردی دڵی منداڵان دەکات و بەتایبەتی ئەو منداڵانەی نەخۆشی SIDSیان هەیە.

بەهۆی ئامێرەکەوە ڕێژەی ئۆکسیجینی ناو دڵ دەزانی و هەروەها دەزانی لێدانی دڵی منداڵەکە چەندە، جگە لەوەش گۆرەوییە دیجیتاڵەکە گشت زانیارییەکان کۆدەکاتەوە و لە ڕێگای بلوتوسەوە بۆ مۆبایلێکی دەنێرێ، دوای ئەوە ئەگەر منداڵەکە گرفتێکی ئەوتۆی نەبوو، گڵۆپی سەوز لەسەر مۆبایلەکە هەڵدەبێت و ئەگەر کێشەی تەندروستی هەبوو ئەوە گڵۆپی سوور لێدەدا. گۆرەوییەکە بەبێ گرفت دەتوانی بیشۆی بەبێ ئەوەی کە گرفتێك بۆ ئامێرەکە بێتە پێش.

## ـــــرکردن ماناى نامێنێ



ئامێرەهیە هەر چالاکییەك کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدەن، لەو ئامێرەدا خەزن دەکرێ و بەپێی پێویست لەکاتی خۆیدا بیرتان دەخاتەوە.. هەڵبوون وکوژانەوەی چرای شاشەکە، هەروەها پەیامە دەنگییەکان کاروئەرکی ڕۆژانەتان بیردەخەنەوە.. بەهۆی ئەو ئامێرەوە هیچ شتێکتان لەبیر ناچێت مەگەر خۆت بە ئەنقەست لەبیرخۆتی بەریەوە...



# کاسیۆ و نەوەیەکی نوێی کامێرای دیجیتالی

دەڵێن وێنەیەکی دەربڕی هەزاران وشەیە، بە کردەوەش وێنە هەبووە جیهانی گۆڕیوە و کاریگەری سیاسی ئەوەندە زۆری هەبووە بۆتە هۆی ئەوەی بڕیاری گرنگ دەربکرێن... کۆمپانیای کاسیۆ لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی کامێرایە، لە پیشانگای ساڵانەی CES ئەمساڵدا نوێترین کامێرای دیجیتالی خۆی بەناوی Exilim Ex –FR١٠٠ خستەڕوو.

کامێرای نوێی کاسیۆ دەتوانێت وەك یەکێك لە باشترینەکانی کامێرای سێلفی سەیر بکرێت، چونکە هەڵگرتنی زۆر ئاسانە دەکرێت بە شانی خۆت یان دەسکی جانتاوە هەڵیبواسی، کامێراکە ڕەنگەکانی زەرد و سپی و ڕەساسی هەیە. بەهۆی ستاندێکی لوولەیی کە لەگەڵیدایە دەتوانی بە ئاسانی لە شوێنی جۆراوجۆر فۆکسی بکەی و وێنە بگری. کۆنترۆڵی بلوتوسی کە لەگەڵ کامێراکەدایە دەتوانێت دیمەنی سەرنجراکێش بدۆزێتەوە، هەروەها کۆنترۆڵی لەمسیە و بە ئاو تێکناچێت. بە هۆی ئەو کۆنترۆڵەوە دەتوانیت بە یەك دوگمە دەست بکەی بە وێنەگرتن. کامێراکە زۆر پتەوە بەکارهێنەر دەتوانێ بە ئاسانی و بێ گرفت بۆ هەرشوێنێك مەبەستیەتی بیبا مەترسی تێکچوونی نەبێت، چونکە ئەگەر لەبەرزایش بەرێتەوە، یان بکەوێتە ناو ئاو و یان تۆز و خۆڵیشی تێبچێت کێشەی نابێت.



# شاكارێک لە تەكنەلۆژیای سەردەمدا



هەموومان هیدفۆن دەناسین و بەئەركەكانی ئاشناین، چونكە مێژووی هیدفۆن بۆ دەیان ساڵ بەر لەوەی تەكنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم پەرە بستێنێ دەگەڕێتەوە، بە گەشەسەندنی تەكنەلۆژیای سەردەمی هیدفۆنیش گۆڕانكاری سەرداهات، هیدفۆنی نوێ بە كارایی نوێەوە بەرهەم هاتن، بەڵام بەگشتی هیدفۆن بۆ ئەوەیە كە دەنگێك جا چ مۆسیقا بێت یان دەنگی دیكە خۆت بە تەنیا گوێت لێبێ و بەو دەنگەی حەزت لێیەتی دەوروبەرت هەراسان نەكەی.. لە پیشانگای ساڵانەی CES ئەمساڵدا هێدفۆنی جۆری dash كە بەرهەمی كۆمپانیای Bragiیە بەرهم هات، ئەم هێدفۆنە خۆی لە خۆیدا شاكارە، چونكە ئامێرێكە بۆ چاودێری تەندروستی بەكارهێنەرەكەی وەك لێدانی دڵ، ژمارەی ئەو هەنگاوانەی دەیپێوی و پێوانی وزەی سووتێندراو...

بەشی سەرەكی هێدفۆنەكەش زۆر سەرنج ڕاكێشە، كە بە ئاستەم دەستێك بە هێدفۆنی گوێی ڕاستدابێنی دەست دەكات بە بڵاوكردنەوەی مۆسیقا، لەسەرەتادا دەنگەكە كەمە بەڵام ئەگەر دەستی پێدابێنی دەنگەكە بەویستی تۆ زیاد دەبێت، دەنگێكی زۆر سەرنج ڕاكێش كە ڕەنگە لە هێدفۆنی دیكەدا نەیبیسی، جگە لەوەش لە كاتی مەلەكردندا دەكرێ سوودی لێوەربگری، پێت دەڵێت كە چەندە ڕاتكردووە... ئەگەر یەكێك قسەت لەگەڵ بكات و گوێت لێنەبێ پێویست ناكات هیدفۆنەكە لە گوێت دەربێنی، هەر ئەوەندە بەسە دەست بە هیدفۆنی گوێی چەپتدا بهێنی ئەوكات هەموو ئەو دەنگانە دەبیسی كە لە دەوروبەرتن.. وەك لیستۆكی نابیستان...



## بتلێک تەنیا بە هەوا پڕ ئاو دەبێت

لە جیهانی تەكنەلۆژیای سەردەمدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە، بۆ نموونە ئەو ئامێرەی كە لەلایەن ئەندازیارێكی تەكنەلۆژی نەمسایی بەرهەم هاتووە، پسپۆڕێكی شارەزا لە بواری تەكنەلۆژیای سەردەمدا توانیویەتی بەهۆی ئامێرێكەوە ئەو ئاوەی لە هەوادا هەیە جارێكی دیكە بیكاتەوە بە ئاو.. ئامێری fontus كە لە سوكانی پایسكل دەخرێت لەكاتی ڕۆیشتنی پایسكل سوارەكەدا وردە وردە هەوا وەردەگرێ و دەیكاتەوە بە ئاو.. ئیدی پێویست ناكات ئەو كەسەی پایسكل لێدەخوڕێ ئاو لەگەڵ خۆی بەرێت، چونكە ئامێری (فۆنتوس) هەوا دەپاڵێوێ و دەیكاتەوە بە ئاو.. ئامێرەكە وزەی خۆی لە خۆر وەدەگرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت مۆبایلێكم كڕیوە بەڵام دەمەوێ پرۆگرام دابەزێنم بەڵام هەرچەندە دەكەم بۆم ئینستۆل نابێت؟**

خوێنەری بەڕێز ئەگەر لەسەرەتادا مۆبایل دەكڕی بەهۆی كاری ئەمنییەوە كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنی مۆبایل و سیستەمی ئەندرۆید وای كردووە كە هیچ پرۆگرامێك جگە لەوانەی خۆی سێتەپ نەبێت.. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ بچیەسەر بەشی sitting ی مۆبای لەودا بچۆ سەر بەشی Security و دواتر لەسەر فەرمانی Unknown Sources هێمای ڕاستە لێبدە.. ئیدی كێشەكە چارەسەر دەبێت.

# بچووکترین فڕۆکەی سیخوڕی



کۆمپانیای Axis کە بەیەکێك لە کۆمپانیاکاکانی بەرهەمهێنی ئامێری دیجیتالی دەناسرێ و فڕۆکە سیخوڕییە بچووکان (Drone) بەرهەمی ئەم کۆمپانیایەن. ئەم فڕۆکانە لەراستیدا فڕۆکەی سیخوڕی ئەمنییەتی نین و بەمەبەستی دزە کردنە ناو بنکەو بارەگای نەیار و کۆکردنەوەی زانیاری سوودیان لێوەرناگیرێ، بەڵام چونکە لەگەڵ خۆیاندا کامێرایەك هەڵدەگر و فیلم و وێنە دەگرن دەکرێ هەروەك فڕۆکەی سیخوری سەیر بکرێن.

فڕۆکە بچووکەی کۆمپانیای ناوبراو بە Vidius ناسراوە، ئەوەندە بچووکە کە لەسەر بەری دەست دەنیشێ و تەنیا ١,٧ ئینجە و درێژییەکەشی لە ئینجێك کەمترە. کامێرای ئەم فڕۆکە بچووکە ڤیدیۆکان بە کوالیتی ٤٢٠P دەگرێت. کێشی کەمترە لە ٢٥٠ گرام، ئەوەش کێشەی یاسایی دروست ناکات، چونکە لە ئەمەریکادا ئیزن بەو فڕۆکانە نادرێت کە کێشیان لە ٢٥٠ گرام زیاتر بێت. فڕۆکە سیخوڕییە بچووکەکە تەنیا ٧ دەقیقە دەتوانێ بفڕێ و وێنەکان لە رێگای Wifi بەرێ بکات.

# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پرۆگرامە سیخوڕییەکان




پرۆگرامە سیخوڕییەکان ئەمرۆ وەك یەکێك لە تێکدەرترین پرۆگرامەکان دەناسرێن، پرۆگرامە سیخوڕییەکان تێکدەرترن لە ڤایرۆسەکان، چونکە دزە دەکەنە ناو کۆمپیوتەر و ئەوەی مەبەستیانە دەیدزن یان دەیسڕنەوە. پرۆگرامێکی زۆر هەن کە ئەرکیان سڕینەوەی ئەو پرۆگرامە سیخوڕییانەیە، یەکێك لەوانە پرۆگرامی SUPERAntiSpyware Professionalە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی لە ماوەیەکی کەمدا دەستبکەی بە سڕینەوە پرۆگرامە سیخوڕییەکان و خاوێنکردنەوەی سیستەم. پرۆگرامە دەتوانێت هەرچی ترۆجان و پرۆگرامی سیخوڕییەوە بە کلیکێك بسڕێتەوە. چاودێری ورد دەکات بەسەر سیتسەم و فایلەکان و تەنانەت ئەو فایلانەی کە دانلۆدیش دەکرێن.



# سایتێک بۆ فێربوونی شەترەنج

شەترەنج یەکێکە لە یارییە فکرییە بەهێزەکان کە مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، لەو سایتی.chesscademy.com دەتوانی بەئاسانی فێری شەترەنج بی، ئەگەر کەسێکی نەشارەزا بی ئەوە هەنگاو بە هەنگاو فێرت دەکات و دوگمەی Start Learning دابگرە و سەیری ڤیدیۆییە فێرکارییەکان بکە. ئەگەر کەسێکی شارەزاش بی ئەوە دەتوانی لەگەڵ کەسانی شارەزا یاری بکەی.